# چاوی هیوای چەپگەرا کوردەکان نابێ لە ئەمپریالیسم بێ

## م٠ رازی
## وەرگێران عوسمان _ م

هەڵبژاردنی ئەم دواییانە لە عێراق لە دوای داگیر کردنی ئەو وولاتە لە لایان ئەمپریالیزمی ئەمریکاوە، ریبەرانی بورژوا ناسیونالیستی کوردی لە عێراق بە توندی هێنایە سەما و شادی. هەستی شادی هێنەری ریبەرانی کورد وەک جەلال تاڵەبانی و مەسعود بەرزانی جیگای سەر سورمان نییە. ئەم ریبەرە بورژوا ناسیونالیستانە، ساڵەهای ساڵە کە پیوەندی پتەویان لە گەڵ ئەمپریالسزم هەبوە و چاوی هیوایان لە گۆرانکاریەکان لە سەرەوە لە لایان دەخالەتی راستەوخۆی ئەمریکاوە بوو. گۆرانکاریەکانی ئەم دواییانە لە عێراق بە قسەی ئەمانە دروستیی سیاسەتەکان و بۆچونەکانی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی سەلماندوە. بەڵام ئەم رەوتە تازە سەرەتای کارە. ئەزمونی میژویی نیشانی داوە کە خەڵکی زەحمەتکێشی کورد لەم رێکەوتنانەی "رێبەران" لەگەڵ ئەمپریالیزم نەک هیچ قازانجێکی نەکردوە، بەڵکو لە نیهایەت دا زەبری قەرەبو هەڵنەگری لێ کەوتوە. هرچەندە ئەم هەڵبژاردنە بە ناو ئازادە لەگەڵ سەرکوتگەریەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کورد لە لایان سەدامەوە بەراورد نەکرێت، بەڵام گۆرانکاریەکانی پێشو و داهاتو سەلماندویەتی و دەیسەلمێنێ کە سەرانی کورد لە پێناو و ئاراستەی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی خۆیان دا کاریان نەکردوە. دیارە ئەمپریالیزم وەردە نانێکی لە نێوانیاندا دابەش کردوە و برێک پۆستی ئیداریی بێ بۆ و خاسیەتی پێ بەخشیون. بەڵام تەواوی ئەم ئیمتیازە ؛ نەک هەر مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر ناکا بەڵکو چارەسەری یەکجارەکیی وەدوا دەخا و تەنانەت قەیرانی ئێستاش قوڵتر و ئاڵۆزتر دەکا.

بەڵام گۆرانکاریەکانی کوردستانی عێراق نەک هەر لە ریبەریی حیزبی دیموکراتی ئێران لە هەڵوێست گرتن لە ئاراستەی تەبایی لەگەڵ بورژوازی ئێران و ئەمپریالیسزم گۆرانی پێک هێناوە (هەڵبەت گۆرینی سیاسەتەکانی ئەم دواییانەی ئەم حیزبە نسبەت بە کۆماری ئیسلامی پێشبینی دەکرا)، هەروەها بوو بە هوی گومان و ئیشاراتێک لە لایان برێک لە ریبەرانی "سوسیالیست" و "کۆمۆنیستی" کورد نسبەت بە رێکخراوەکانی ئەمپریالیستی و سەرمایەداری. ئەم هەڵوێستانە ئەگەر بەردەوام بێ زەبر لە پێشینەی خەباتی درەخشانی ئەم حیزبانە لە دژی سەرمایەداری و ئەمپریالیسم ئەدا.

بۆ نمونە وتوێژە یەک لە دوای یەکەکانی عەبدوڵای موهتەدی و ریبەرانی تری زەحمەتکێشان لە گەڵ یەکێک لە تەلەویزیونەکانی سەڵتەنەت خوازەکان و پێداگرتنیان لەسەر ئەوەیکە (رێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) ئیتر کومونیست نیە و خواستەکانی وەک مافی دیاری کردنی چارەنوس بۆ خەڵکی کوردستان و خودموختاری وەلا ناوە؛ دەنگ و رەنگی داوەتەوە. بەریوەبەری تەلەویزیونی ئاپادانا؛ پێشینەی گەش و دژی سەرمایەداری و هەڵسورانەکانی پێشوی ئەم حیزبەی لە رێگای خەبات بۆ دیاری کردنی مافی چارەنوس بۆ خەڵکی کورد و شێوە خەباتەکانی سەرکونە و سەرزەنشت کرد؛ وئەم حیزبەی بە رێکخراوێکی تیرۆریستی و (سوور و جیایی خواز) ناو برد و ووتی ئێستا عاقڵ بووە و لەوەیکە سیاسەتی سەڵتەنەت خوازەکانی قەبوڵە و ئێستاکە ئێتر نە باس لە دیاری کردنی چارەنوسی کوردەکان دەکا و نە شێوەی پێشو ئەگرێتە پێش، رێزی لێ دەگرێ و ستایشی دەکا. رێبەرانی زەحمەتکێشانیش هەر وەک منداڵێک کە لە کردەوەی پێشوی خۆی شەرمەزار ئەبێ سەرشۆر دەکەونە بەر ئیهانە و سوکایەتی لە لایان ئەم کەس و عەناسورانەوە. بۆ زانیاری تەواو (گوێ لە وتووێژی عەبدوڵای موهتەدی بگرن لە ئارشیوی تەلەویزیونی ئاپادانا).

هەروەها راپورتێک لە لایان هەواڵنێرێکی خارجییەوە لەسەر دانیشتنی سەرانی زەحمەتکێشان لەگەڵ کوماری ئیسلامی بڵاو کراوەتەوە. دیارە ئەم رەوشت و هەڵوێستانەی موهتەدی تازە نین؛ و دەگەرێتەوە بۆ بیر و بۆچونەکانی بەر لە روداوەکانی ئەم دواییانە لە عێراق. تەنیا جیاوازیەکە لەوەدایە کە بۆچونەکانی پێشوی ئەو لە حاشیەی گۆرانکاریەکانی عێراق و بە تایبەت بەشداریی ئەحزابی کورد و بەتایبەتی جێ و شوێنی نوێی دوستی دێرینەی، جەلال تاڵەبانی، لە دەوڵەتی سەرمایەداریی دەستکردی ئەمریکا، ئەم هەڵوێست و ئاراستانەی خێراتر کردوە و بە ئاشکرا بە رێوەی دەبا. عەبدوڵای موهتەدی هەر وەک بیر و بۆچونەکانی شبهە مائویستی، لەسەر یەک، شورشی داهاتوی کوردستان و ئێرانی بە دوو قۆناغ دابەش کردوە. یەکەم؛ قۆناغی سوسیالیستی (کە بە بۆچونی ئەو قۆناغێکی دور و نادیارە)؛ دوهەم، قۆناغی دیموکراتیک (کە قۆناغێکی واقعی و جێگای خێرا وەدی هاتنە). لە قۆناغی دیموکراتیک دا ئەویش هەر وەک جەلال تاڵەبانی بەشداری کردن لە حکومەتە پێکهاتوەکان لەگەڵ بورژوازی بە بێ ئیراد و هەڵە دەزانێ. ئەم روانگە و بۆچونانە لە بابەتەکانی پیشو و ئیستای دا بە رونی بەیان کراوە.

عەبدوڵای موهتەدی لە نامیلکەی " افق سوسیالیسم" (ژماره 2 ،پوشپەری 1375 )ی هەتاوی لە بەرنامەی پێشوی حیزبی کومونیست دادەبڕێ. ناو براو بە رونی خوازیاری لابردنی دروشمی "کوماری دیموکراتیکی شۆرشگێرانە" لە بەرنامەی حیزبی کومونیستە. بەڵام لە دێژەدا ئەڵێ: " دیارە لە کردەوە دا لەوانەیە شۆرشی سەرکەوتوی ئێران نەتوانێ لەوەیکە بۆ حکومەتێکی کرێکاری کرێکاری تەنیا ئەرکی خێرا و سەرەتایی پێک دێنێ، واوەتر بچێ و یان تەنانەت تەنیا بەشێک لەوانە، ئەویش بە شێوەی ناتەواو و نیوەکارە، عەمەل بکا. هەر بەم پێیە دەتوانێ حاڵەتەکان و شێوازەکانی سیاسیی جوراوجوری ناشی لە هاوسەنگیە جیاوازەکانی هێزە چینایەتیەکان پێک بێ... لەوانە ئیمکانی هەیە کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا... حیزبی کومونیست پێک هێنانی کۆمارێکی شۆرشگیرانە... بۆ ئاسانکاریی پەرینەوە بۆ شۆڕشی سوسیالیستی بەدی بکا، ئاوا درۆشمێک بدا و لە ئاوا حکومەتیکدا بەشداری بکا. "(لاپەرەی 24 جەخت لە ئێمەیە)، و یان لە جێگایەکیتر دەڵێ: "... دیفاع لە دێموکراسی شۆڕشگێرانە... بەتەواەی بە جێیە و هەروەها لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا (و نەک بە ناچاری) لە تاکتیکی حکومەتێک بەم تایبەتمەندیانەوە (کوماری دێووکراتیکی شۆڕشگێرانە ناوێکە کە ناوەرۆکی ئەم حکومەتە نیشان دەدا و نەک ناوی حکومەتێکی تایبەت لە قۆناغێکی دیاریکراودا) پشتیوانی دەکا و وەک سیاسەتێکی تاکتیکی لەو کاتەدا بە دروستی بزانێ، هیچ ئیرادێکی نییە..." (لاپەرەی 25).

هەر ئەم شێوە هەڵوێستە لە راگەیاندنی کۆتایی کونگرەی دەیەمی کۆمەڵە لە ( گەلاوێژی 1383)ی هەتاویدا هاتوە: ...تەوەرە سەرەکیەکانی کار و ئەرکەکانی کۆمەڵە وەک حیزبی چەپ و سوسیالیستی لە کوردستانی ئێران بەرانبەر بە کرێکاران و هەمو کۆمەڵگا بەتایبەت لە هەلومەرجێک دا کە سوسیالیسم وەک گورانکاریەکی کۆمەلایەتی- سیاسیی خێرا لە دەستوری کاری داهاتوی شۆڕشی ئێران و بە شێوەی یەکەم کوردستان دا نییە باس کراوە. ' ( جەخت لە ئێمەیە) لە لایەکیترەوە "حیزبی کومونیستی ئێران" کە لە پێشینەیەکی خەباتی رادیکاڵ بەهرەمەند بوە و ئیدیعای هەیە کە لە لایانی عەبدوڵای موهتەدی رادیکاڵترە؛ لە بابەتێک دا لە لایان سەلاح مازوجی لە ژمارە 143 ی رۆژنامەی جیهانی ئەمرۆ (ئورگانی حیزبی کومونیستی ئێران) لە ژێر ناوی "عێراق پاش هەڵبژاردن" ، هەرچەندە ئاماژە بە سەربەخۆیی بزوتنەوەی کورد لە ئەمپریالیسم دەکا بەڵام لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەگەری دابەش کردنی عێراق و سەربەخۆیی کوردستان لە لایان ئەمپریالیسمەوە دەکا. ناو براو دەنوسێ: "نابێ ئەم ئەگەرەش لە بەرچاو نەگیریت کە ئەگەر لاوازیەکان و بن بەستەکانی ئەمریکا لە کونترۆڵ کردنی بارودۆخی عێراق و ئەوەیکە شەر لە دژی تیروریزمی ناودەنێ زیاتر لەمە خۆی نیشان بدا و دەولەتی ئەمریکا دانی پێدا بنێ کە پرۆژەکانیان بەو شێوەیەی کە پێویستە ناچێتە پێش، لەوانەیە کە سیاسەتەکانیان لەبابەت عێراق لەگەڵ گۆرانکاری بەرەو روو بێ، و لەمە زیاتر دیفاع لە یەکیەتی خاکی عێراق نەکەن. هرچەندە هێشتا بەڵگەکان لە ئاستێک دا نییە کە جەخت لەسەر بەهێز بونی ئەم ئەگەرە بکرێ و بەم حاڵەشەوە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

ئەم دواییانە هێنری کیسینجر وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریکا لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی تەلەویزیونی سی. ن. ن دەڵێ " ئەگەر قازانجی نەتەوەیی ئەمریکا لە پێک هاتنێ عێراقێکی یەک پارچە دا دەستەبەر نەبێ، باشتر وایە کە ئەم وولاتە دابەش بکر". هەروەها جی گارنێر یەکەمین حاکمی سەربازیی عێراق پاش داگیر کردنی ئەم وولاتە لە بابەتێک دا لە (واڵ ئێستریت ژورناڵ) نوسیویەتی: ئەمریکا ئەگەر لە عێراق بە ئامانجەکانی نەگا دەبێ لە پێک هاتنی وولاتی سەربەخۆی کوردستان پشتیوانی بکا." گارنر هەروەها دەڵێ: هەر بەو شێوەیەی کە فیلیپین لە سەروبەندی کۆتایی سەدەی پێشو دا وەک پێگەیەک بوو بۆ بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ئەقیانوسیە، کوردستانی سەربەخۆش ئەتوانێ لە سەدەی نوێ دا وەک پێگە و شوینی گواستنەوەی هیزەکانمان بێ بۆ جیهانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەراست. لە دەزگای بوش دا هەن کەسانێکی وەک پولولفوویتر لە وەزارەتی دیفاع کە لەگەڵ کیسینجر و گارنر دا هاورِران.."

لەم نوسراوەیە دا مەبەست لە جەخت لەسەر رودانی ئەم"ئەگەرە" واتە دابەش کردنی عێراق روون نییە. ناوبراو نەتیجەی لەم لێکدانەوەیە نەداوە بە دەستەوە. ئەگەر قەرار وایە کە سیاسەتی ئەمپریالیسمی ئەمریکا بە مەبەستی سەرکوتی زەحمەتکێشان و کرێکارانی عێراق و زەحمەتکێشانی کورد بێ؛ فەرقی چیە کە چ ناکۆکیەک لەسەر دابەش کردنی عێراق لە نیوان لایەنەکانی حاکمانی ئەمریکایی دا هەبێ؟ لەگەڵ ئەوە دا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە کیسینجر و گارنر و بەتایبەتی پول ولفوویتز (کە لە دەوڵەتی راستگەرای بوش دا دەوری گرنگی هەیە) خۆی لە راستترین و کۆنەپەرەست ترین کەسانی ناو دەزگای حاکمی ئەمریکان. کە وایە ئەم ئەگەرە تەنانەت ئەگەر ببێتە ستراتیژیەکی یەقینیش، سەخت لە هەڵە دایە. (روانگاکانی پێشوی حیزبی کۆمونیستی ئێران و بابەتەکەی ئێستای مازوجی ئەم مەسەلەیە بە سەراحەت نیشان نادا). بە هەر حاڵ لە قۆناغی ئێستادا، دەبێ راشکاوانە قسە بکرێ و لە لێکدانەوەی ناتەبا دورە پەرێز بکرێ.

له روانگەی مارکسیسمی شۆڕشگێرانەوە ڕێگا چارەی دێموکراتیک (لەوانە مەسەلەی نەتەوەیی) لە سەردەمی سەردمایەداریی مەوجود دا پێوەندی بە دابڕانی تەواو لە ئەمپریالیسم (وسەرمایەداری) هەیە. تەواویەتی دەزگای فکری و روانگە و سەربازیی ئەمپریالیسم عامل و هۆکاری سەرەکیی زەق بونەوەی مەسەلەی نەتەوەیی بوە لە ناوچەکە. ئەو روانگایانەی کە ئەم ئەساس و ئەسڵە مارکسیستیەیان وەلا ناوە و بە دوای وردە نانیکەوەن لە ئەمپریالیسم، بە دڵنیاییەوە لە داهاتودا خۆیان لە ریزی بزوتنەوەی رزگاری خوازیی زەحمەتکێشان و کرێکارانی کورد جیا دەکەنەوە.

## خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی میللەتی کورد جیاواز لا خەبات لە دژی ئەمپریالیزم نییە.

چەپگەرایانی کورد دەبێ بزانن کە قەوارەی ئابوریی سەرمایەداری، و تەواوی ئامرازی بەرهەم هێنانی و خودی وردەبورژوازی لە ئێران و ناوچەکە؛ بە پێی ئەساسی نیازی ئەمپریالیزم و لە لایان ئەوەوە درۆست کراوە. رونە کە چینی سەرمایەدار کە قەرارە بە یارمەتی ئەمپریالیزم بگا بە دەسەلات ناتوانێ دەوری "شۆڕشگێرانە" هەر وەک دەوری بورژوازی ئوروپایی لە سەدەی 18 و 19 بگێرێ و یان لە " کۆماری دێموکراتیکی شۆڕشگیرانە" بەشداری بکا؛ چونکە لە سەردەمی سەرمایەداریی ئێستادا، نیازی هەڵدانی خیرای ئابوری دابرانی تەواو لە ئەمپریالیسم و بەستراوە نەبونە پێی. بەشداری کردنی نوێنەرانی ئەحزابی کوردی عێراقی لە حکومەتێکی دەستکرد و دانراوی ئەمریکا و سیا (تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنی دێموکراتیکیش ئەنجام درابێ کە وا نەبوو!) نابێتە چارەسەری مەسەلەی کورد لە لایان ئەوانەوە. ڕاستەوخۆ جەلال تاڵەبانیەکان لە پلەی سەرۆک کۆماری دا دەبێتە ئامرازی دەستی ئەمپریالیزم!

بە پێی لێکدانەوەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێرانە، رزگاری ئابوری وسیاسی و گەشەی سەنعەتی و بەدەست هێنانی مافی دێموکراتیک لە لایان داردەستانی هەمان ئەمپریالیزمەو، نایەتە دی. قەوارەی ئابوریی داسەپێندراو لە لایان ئەمپریالیستەوە لە عێراق و ئێران هیچ جێگایەکی بۆ سەنعەتی بون و دێموکراسی نەهێشتوەتەوە. بورژوازی لەم وڵاتانەدا لە هەر شکڵ و شێوەیەک دا کە دەرکەون زاتەن سەر بە ئەمپریالیزمە. تەنانەت ئەگەر پێشنیارەکانی کیسینجریش لە بابەت جیا کردنەوەی ناوچەی کوردستان عەمەلی بکریت، ئەم شێوە لە جیابونەوە لە ژێر کونترولی ئەمپریالیزم، یارمەتی بە ئازادی و بەختەوەری خەڵکی کوردستان ناکا.

چەپە کوردەکان دەبێ ئەم راستیە بزانن کە سەرمایەداریی وولاتانیکی وەک عێراق و ئێران بە هوی تێکەڵ بوون لە بازاری جیهانیی سەرمایەداری و شێوازی تایبەتی سەرمایەداری، توانای گەشە پێدان و پەرەپێدانی هێزە بەرهەم هێنەرەکانی نەبوە، نیەتی و نابێ. لەم ناوچەیەدا <u>بەرهەم هێنانی ئامرازی بەرهەم هینان ئیمکان پەزێر نییە.</u> ئەوەیکە بورژوازی دەسەڵاتدارە، سەرکوتگەر بێ (وەک ستەمگەرانی رژیمی ئیسلامیی ئێران یان سەدام حوسێن) یان دەموکرات بێ (وەک سوسیال دێموکراتی سەر بە روژاوا و ئەمریکا) شتیک لەم وەزعیەتە عەینییە ناگۆرێ. لە باشترین حاڵەتدا بەرهەم هێنانی کالا مەسرەفیەکان ( کارخانەکانی پێڵاو درۆست کردن، لولەی ئاسن، چیمەنتو و شتیتر) درێژە بە گەشەی ناکاریگەر و قەیران خولقێنی خۆی دەدا. بەردەوام بونی قەیرانی ئابوریش بەر بە چارەسەری مەسەلە سەرەتاییە دێموکراتیکەکانی وەک مەسەلەی نەتەوەیی، مەسەلەی زەوی، مەسەلەی ژنان؛ مەسەلەی دێموکراسی، ئازادی بەیان، کۆبونەوە و چاپەمەنی دەگرێ. لە راستیدا ئەمپریالیزم بە بەشدار کردنی رێبەرانی کورد لە حکومەتدا بۆ فریودانی خەڵکی کورد کەڵکی لێ وەر گرتون و گۆرانکاریی ئەساسی لە ئاراستەی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی وەدوا دەخا.

بۆ دەستەبەر بونی دێموکراسی و چارەسەری یەکجارەکیی مەسەلە دێموکراتیکەکان نیاز بە گەشەی هێزە بەرهەم هێنەرەکان هەیە لە ناوچەکە. ئەم گەشە کردنەی هێزە بەرهەم هینەرەکان لە ناوچەکە لە چوارچیوەی پێوەندیی سەرمایەداری دا بردەوام لەگەڵ قەیرانی قەوارەیی بەرەورویە. بە پێچەوانەی سەرمایەداریی رۆژاوا کە تەوەرە جیاوازەکانی ئابوری ( گەشە کردن، دابەزین، ئاوسان و هتد) دەبینرێ، لە وولاتانێکی وەک عێراق و ئێران بەردەوام، پاش هەڵدانی ئابوریی بەرتەسک و غەیری بەرهەم هێنان، "رکودی" ئابوری روو دەدا،، وەستان و رکود، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری لەم کۆمەڵگایانە دایە. <u>بورژوازی لە هەر شیوەیەکی دا لە ئێران و عێراق؛ خولقینەری قەیرانی ئابورییە.</u> لە ئاکامدا هەر شێوە و جۆرێک لە حکومەتە بورژوازییەکانی بەستراوە بە ئەمپریالیسم، ناچار بە سەقامگیر کردنی حکومەتی سەرکوتگەر و داپلۆسێنەرە. لە سەردەمی سەرمایەداریی ئێستا دا، بورژوازی ( خۆیی، نەتەوەیی، مێزەر بەسەر، تاجدار یان بۆینباخ و کەراواتدار لە جۆری جەلال تاڵەبانی و بارزانی) دەبنە هیزی رێگری گەشە و پێشرەفتی ئابوری. تەنیا ئەو هێزانە شۆرشگێر و پێشکەوتون کە لە نیزامی سەرمایەداریی ( نێونەتەوەیی) دابرێن و لە دژی خەبات بکەن. کەسانێک کە لە ژێر ناو و دروشمی دیفاع لە "مافی نەتەوە" هاودەنگ لەگەڵ بورژوازی بومی و خۆماڵی ئەمپریالیزم پاساو و تەبلیغ دەکەن، خۆێ، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبنە دوژمنانی میللەتانی ستەم لیکراو و ژێر دەستە. مێژوی سەدەی رابوردو و شکستی شۆڕشە جیهانیەکان هەر هەموو ئاکامی ئەم سیاسەتانەی ریکەوتن و سازان لەگەڵ بورژوازی خۆیی و ئەمپریالیزم بوە.

"شۆڕشی دیموکراتیک "، له چوارچێوەی تەنیا خواستە دیموکراتیکەکان لە شۆرشی داهاتو دا پێک نایەت، که ئەگەر کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ بەدەست هێنانی وردە نانێک له بورژوازی و ئەمپریالیزم ناچار به بێدەنگی کردن له خواستە ئەساسی و مێحوەریەکانی خۆیان بن. کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە لەگەڵ هاوپەیمانانی راستەقینەی خۆیان (کرێکارانی وولاتانی دەوروبەر) خەباتی خۆیان لەگەڵ داخوازە دیموکراتیکەکان و دژی سەرمایەداری، له ئاراستەی بەدەستەوە گرتنی رێبەریی شۆرش بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرک و تەکلیفانەی کە لەسەرشانیانە دەبەنە پیش و هەنگاو هەڵ دەگرن.

ئەمرۆ، له راستیدا بێجگە له ئەرک و تەکلیفی دێمەکراتیک (کە بورژوازی توانای ئەنجامدانی له دەست داوە) ئەرکی دژی سەرمایەداریش کەوتوەتە دەستوری کارەوە وەک (کونترۆڵی کرێکاری بەسەر بەرهەم هێنان و دابەش کردن، ئابوریی بەرنامە بۆ دارێژراو، ئامادەکاریی سەرپەرەستی و مودیریەتی کرێکاری و هتد). دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە بە بێ روخانی سەرمایەداری و هەڵوەشاندنەوەی مالکیەتی تایبەتی لەسەر ئامرازە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنان، بواری پێویست و لەبار بۆ گەشەی خێرای تکنولۆژیک، نارەخسی. بە بێ ئاوا گەشە کردنێک، ناوچەی کوردستان هیچکاتێک سەنعەتی نابێ و رەنگی دێموکراسی بە خۆیەوە نابینێ. بە واتایەکیتر، بە بێ هەڵوەشانەوەی مالکیەتی تایبەتی و بە بێ ئابوریی "بەرنامە بۆ دارێژراو" سەنعەتی بونی کومەڵگای دواکەوتوی وەک ئێران و عێراق شتێکی مەحاڵە. تەنیا بە گەشەی خێرای تکنولوژیکە کە ئەم کۆمەڵگایانە ئەتوانن بەشێک لە بازاری جیهانی بۆ خۆیان تەرخان بکەن. بە بێ ئاوا بەشێک کەڵک وەرگرتن لە تکنولوژیای پێشکەوتو کرایگەر نابێ. ئابوری ناوچەکە بۆ گەشەی تکنولوژی دەبێ سەرەتا خۆی لە چنگی بازاری سەپێندراو لە لایان سەرمایەدارییەوە رزگار بکا.

لە ئاکام دا، بۆ رزگار کردنی ئابوری، دەبێ زنجیرەیەک ئەرک ئەنجام بدرێ: ئەرکی چارەسەری دیموکراتی (مەسەلەی زەوی، میللی، دێموکراسی و هتد) و هاوکات لاگەڵ ئەمە ( بە پێی هەلومەرجی داریکراو و رون) چارەسەری ئەرک و تەکلیفی دژی سەرمایەداری (ئابوریی بە بەرنامە، کونترۆڵی کرێکاری بەسەر بەرهەم و سەرپەرەستیی کرێکاری و هتد). بەم پێیە تەواوی ئەم ئەرکانە دەبێ ئەنجام بدرێن. بە بێ نهێشتنی تەواوی ئەم ناکۆکیانە، هیچکام لە کێشەکان چارەسەر ناکرێن.

بۆ ئامادە سازیی ئەم مەسەلەیەش، بزوتنەوەی کوردستان پێویستی بە رێبەریەکی شۆرشگێر، کومونیست، و ناسازشکاری مامەڵەچی هەیە. ئەزمونەکانی دژی ئەمپریاستیی کوبا، هەر ئێستا گۆرانکاریەکانی وێنزوێلا، دەبێ لە لایەن کومونیستە کوردەکانەوە بکەوێتە بەر لێکدانەوە و لیکۆڵینەوەی وورد و دەرسی پێویستیان لێ وەر بگرن. رێبەرانی "سوسیالیست" و "کومونیست"ی مەوجود نابێ چاوی هیوایان لە ئەمپریالیزم بێ.

## "دانانی جێگری" سەدام لە لایان ئەمریکاوە

بە پێچەوانەی بیردۆزانی ئەمپریالیزمی ئەمریکا، مەبەست لە هێرشی سەربازی بۆ سەر عێراق ریشە کێش کردنی سەرکوت و تۆقاندنی خەلکی عێراق و ئازاد کردنی میللەتی کورد نەبوە. خۆدی سەدام لە هاوکاران و نزیکانی دەوڵەتی ئەمریکا بوو و لە لایان "سیا"ی ئەمریکاوە گەیشتە دەسەلات، و تا ساڵی 2004 بەرژەوەندی خۆی پاراست. لە 26ی نوامبری 1983 لە گەرمەی شەری ئێران و عێراق دا، دونالد رامسفیلد- وەزیری دیفاعی ئیستای ئەمریکا لە لایان رونالد ریگانەوە سەردانی سەدامی کرد تا بە مادەی کیمیایی، بیولوژی و کەرەسەی یەدەک و موشەک تەیاری بکا. ئەم مادە و چەکانە لە مارسی 1988 لە لایان ئەرتەشی عێراقەوە لە دژی کوردەکان لە هەڵەبجە بەکار برا کە بوو بە هۆی مەرگی نزیک بە 7000 ئینسانی بێتاوان لە خەڵکی زەحمەتکێشی کورد.

هۆی دوژمنایەتی کردنی دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ سەدام حوسین لەسەر ئەساسی دەستدرێژی نائینسانی دژ بە خەڵکی عێراق نەبو، بەڵکو تەنیا لەبەر ناکۆکیەکانی ناشی لە مەسەلە ناوخۆییەکانیانە (وەک ناکۆکی ناوخۆی بنەماڵەیەک). دەوڵەتی ئەمریکا بەڵێنی زۆری بە رژیمی سەدام دابوو کە پاش شەری عێراق و ئێران بە جێی نەهێنا. پاش 8 ساڵ شەر لەگەڵ ئێران، قەرزەکانی رژیمی بەعس بە وڵاتانی ئوروپایی و عەرەبی گەیشتە زیاتر لە 85 میلیارد دولار. عێراق بە تەنیا 30 میلیارد دولار بە کوەیت و ئامارەتی موتەحیدە و عەرەبستانی سعودی

قەرزار بوو. قەول و قەرارەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە بابەت چارەسەری مەسەلە ماڵیەکانی عێراق و پێک هێنانی پلە و بەرژەوەندێکی تایبەتی بۆ سەدام لە دنیای عەرەب دا و هتد هیچکامیان بەراورد نەکرا. چەند مانگ بەر لە هێرش بۆ سەر کوەێت لە 25ی ژونیی 1990 سەدام لە چاو پێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ سەفیری ئەمریکا لە بەغدا، خانمی ئیپریل گلیپسی، پاش هێنانە گۆری داخوازی و بیستنی وڵامی نە لە لایان ئەمریکاوە رایگەیاند: "ئێستا ئەمەیە پاداشی عیراق کە سەباتی ناوچەکەی پاراستوە و لە نقوم بون لە شەپۆلی بی وێنەی بنیادگەرایی نەجاتی داوە؟ ئێوە ئەڵێن کە ئەمریکا پشتیوانی لە دۆستەکانی دەکا، ئەمەیە پشتیوانیەکە؟" تەنانەت بەر لە هیرش بۆ سەر خاکی کوەیت، سەدام چرا سەوزی لە دۆستانی ئەمریکایی خۆی وەرگرت.

بەم شیوەیە داگیر کردنی کوەیت لە لایان سەدامەوە و هێرشی سەربازی دەوڵەتی ئەمریکا لە فوریەی 1991 دەستی پێکرد و بۆ بە هۆی پاشەکشە کردنی سەدام لە کوەیت. بەلام لە هەمان کات دا دەوڵەتی ئەمریکا هێشتا نەیەویست سەدام بروخێنێ. چونکە بەدیلی حکومەتی و نزیکتر لە سەدام بە خۆی دروست نەکردبوو. سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا زیاتر دەستەمۆ کردنی سەدام بوو نەک لابردبی و دانانی جێگر بۆی. خەتەری روخانی سەدام بۆ دەوڵەتی ئەمریکا زۆر زیاتر بوو لە هێشتنەوەی لە دەسەلات دا. چونکە روخانی سادام ئەیتوانی ببیتە حکومەتی خەڵکیی (شیعەکان لە جنوب و کوردەکان لە شیمال)، کە ئەمە خۆی دەبوو بە رەخساندنی راپەرینی جەماوەری لە شوێنەکانی تری ناوچەکە.
بەلام دەوڵەتی ئەمریکا لە نیهایەت دا بریاری گۆرینی سەدامی دا. چونکە لە لایەک لە دەیەی پێشودا نەیتوانی سەرەرۆییەکانی سەدام مەهار بکا و وەک پێشوو بەتەواوی بیخاتە ژێر کونترۆڵ؛ و لە لایەکیترەوە حاکمانی ئەمریکا سیاسەتی نوێیان بۆ کونترۆل کردنی رۆژهەلاتی ناوەراست و هاوکات بە هیز کردنی ئیسرائیل گرتبوە پێش. بەلام؟ جێ "نشینەکانی" سەدام؛ وەک "حامید کەرزای" لە ئەفغانستان، بەکرێگیراوانی ئەمریکان کە بۆ چەوساندنەوەی کریکاران و فریودانی زەحمەتکێشان دانراون. 32 رێکخراوی بە ناو ئوپوزسیونی دەوڵەتی عیراق، بە زۆری پێکهاتو لە " یەکیەتی نەتەوەیی عێراق" ( ئەندامانی پێشوی حیزبی بەعس) و " کونگرەی میللیی عێراق" ( لیبراڵەکانی لایانگری باڵی راستی حکومەتی ئەمریکا). دوو ساڵ پێش لە "ویلتون پارکی" ئینگلستان، کۆبونەوەیەکیان لە ژێر ناوی "کوبونەوەی دایک" پێک هێنا و کەوتنە بیرورا گۆرینەوە. ئەم لایەنانە بە هاوکاری تالەبانی، بارزانی و ئایەتولا موحەمەد باقر حەکیم لە "حیزبی ئەعلای شۆرشی ئیسلامی" رێکەوتن و ئەمرۆ پاش گاڵتەجاریی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانە لە سەر کورسی دەسەلات دانیشتون. بەلام هیچکام لەمانە ناتوانن مەسەلەی دیموکراسی لە عێراق حەل بکەن. مێژوو نیشانی داوە کە هەر جۆرە سات و سەودا کردن لە گەڵ ئەمپریالیزمی ئەمریکا لە ناوچەکە بە زیانی زەحمەتکێشان دەبێ.

## دەرسەکانی خەباتی زەحمەتکێشانی عێراق لە شەری 1991

لە فوریەی 1991 هاوکات بە کۆتایی هاتنی شەری یەک لایەنەی ئەمریکا لەگەڵ رژیمی سەدام، خەڵکی ستەم لێکراوی کورد راپەرینی چەکدارانەی خۆی لە دژی رژیمی بەعس دەست پێکرد. کوردستانی عێراق لە ماوەی چەند رۆژێک دا کەوتە ژێر کونترۆڵی خەڵکی عێراق. شاری نەوت خێزی کەرکوک کەوتە دەستی هیزی چەکداری کورد. لە هەمان کاتدا برێک لە شارەکانی جنوبی عێراق کەوتە دەستی زەحمەتکێشان بەتایبەتی (شیعەکان). ئەرتەشی سەدامیش دەست بە جێ کەوتە سەرکوت کردنی خویناویی ئەوان. ئەمپریالیزمی ئەمریکا کە تاچەند حەوتو پێش باسی روخاندنی سەدامی دەکرد، بە بینینی دینامیزمی خەباتی زەحمەتکێشانی عێراق لە دژی رژیمی بەعس ترسا و بۆ پاراستنی پاشماوەی رژیمی دیکتاتوریی عێراق کەوتە خۆ. جورج بوشی (باوک) هەرەشەی لە رژیمی ئێران کرد پشتیوانی شیعەکان نەکا و بەرانبەر بە داوای سەرانی کورد لەمەر کۆمەک کردنی خەڵکی کوردستان بێدەنگی کرد، و ئیجازەی بە رژیمی عێراق دا کوپتەرە جەنگیەکانی خەڵکی کوردستانیان بومباران کرد. ئەمپریالیزمی ئەمریکا نیشانی دا کە لە خەڵکی چەکداری کورد زیاتر دەترسێ تا مانەوەی سەدام.
لەو کاتەدا دەرکەوت کە نە سەدام نیازی خەباتی هەیە لە دژی ئەمپریالیزم و نە ئەمریکاش مەبەستی روخانیدنی سەدام بوو. ئەمپریالیزم بە لاواز کردنی سەدام و بوونی سەربازیی خۆی لە ناوچەکە بە تەواەی خواستەکانی خۆی گەیشت و بە پاراستنی رژیمی بەعس کونترولی ناوچەکەی زیاتر تەزمین کرد. رژیمی بەعس بە ئاگاداری و تەئیدی ئەمریکا کەوتە سەرکوتی بێرەحمانەی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق. نزیک بە 3 میلیون ژن و پیاو و منداڵ و گەلێک ژن و پیاوی پیر و پەک کەوتو بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیە هەڵهاتن و هێزە هەواییەکانی عێراق ئەو ئاوارانەی بوردمان کرد.
نارەزایەتی پەنگ خواردوی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق لە شارەکان، لە دژی شەرەنگێزیی سەدام هاوکات لەگەڵ شەری ئەمریکا دژ بە عێراق دەستی پێکرد. بەلام، ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە پرش و بلاو و رێکخراو نەبوون. بە راگەیاندنی ئاگربەس نارەزایەتیی خۆ بە خۆی خەڵک شێوەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرت. یەکەم نارەزایەتیەکان سەرەتا لە لایان خەڵکی بەسرە و سەبازانی گەراوە لە بەرەی شەر دەستی پێکرد. پاشان خێرا شارەکانی زبیر، عەمارە، دیوانیە، و دواتر نەجەف و کەربەلای گرتەوە. گەرچی راپەرینی جەماوەریی خەڵک لە شارە جنوبیەکانی عێراق  بە زۆری لە لایان شیعەکانەوە ئەنجام درا، بەلام، زەحمەتکیشانی سوننە و مەسیحیش لەم شارانەدا دەوری کاریگەریان گێرا. زۆربەی ناوەندەکانی ئەمنیەتیی و پۆلیسی نهێنیی رژیم (ئەمن و ئێستخبارات) کەوتە دەستی خەڵک. پاش ئەم حەرەکەتەی خەڵک بوو کە "رێبەرانی" شیعە بە هاوکاری رژیمی ئێران لە ئاخێزە نارەزایەتیەکان دا بەشدارییان کرد.

جەند رۆژێک پاش سەرهەڵدانی نارەزایەتی لە جنوب، خەڵکی کوردستانیش بە شێوەی خۆرەس و سەربەخۆ لە "ڕێبەری"ی سننەتی، لە چەند شارێکی وەک رانیە و سلێمانی خەباتیان دەست پێکرد. لە سەرەتادا چەند گوروپێکی سەربەخۆ لە ڕێبەریی سوننەتی دەست بەکار بوون. خەڵکی چەکداری ئەم شارانە دەست بە جێ دەستیان دایە پێکهێنانی لیژنە چەکدارەکان و تەواوی کاروباری پاراستنی شارەکان بە دەستی ئەوان ڕێکخرا. پاش ئەم حەرەکەتە خۆرەسانە بوو کە ڕێبەرانی "سوننەتی" دەستیان دایە هەڵسوراندنی بەرەی یەکگرتوو بۆ "ڕێکخستنی شۆڕش. بەرەی ناوبراو پێک هاتبو لە پارتی دێموکراتی کوردستان (بە ڕێبەریی مەسعود بارزانی)، یەکیەتی نیشتمانی (بە ڕێبەریی جەلال تاڵەبانی)، حیزبی سوسیالیستی کوردستان (بە ڕێبەریی دوکتور مەحمود رەسول مامەند)، لقی کوردستانی حیزبی شیوعی (بە ڕێبەریی عەزیز موحەممەد)، پارتی گەلی (بە ڕێبەریی سامی عەبدولرەحمان)، و حیزبی سوسیالیستی کورد (حیزبێکی راستگەرای ناسیونالیستی). هەرچەندە ئەم بەرەیە لە دەست بە سەردا گرتنی کەرکوک دەوری دیاریکەریان گێرا، بەڵام تەواوی هیز و توانای خۆیان لەبەری بۆ یەکگرتویی و ڕێکخستنی جەماوەر بۆ خەباتێکی سەربەخۆ لە ئەمپریالیزم و رژیمە سەرمایەداریەکانی ناوچەکە بەکار بهێنن، بینیمان لە ڕێگای وتووێژی نهێنی و ژێر بە ژێر لەگەڵ ئەمپریالیزم و رژیمی ئێران، تورکیە و سوریە (نوێنەرانی ئەم بەرەیە چەندین جار بۆ وتوویژ چوون بۆ سوریە و تورکیە و ئێران). بەم شێوەیە ئەم بەرەیە لە نێوان جەماوەری خەڵک دا نسبەت بە بوشی باوک و ئەمپریالیزم دوودڵی و گومانێکی وایان پێک هێنابوو کە ئەم خەڵکە تا ئاخرین رۆژەکان چاوەروان بوون ئەمریکا بێت و یارمەتییان بدا.

لە نیهایەت دا، بەرەی ناوبراو لە گەڵ چەندین ڕێکخراوی ئیسلامی، لە بەیروت، مەجلیسێکی هاوبەشیان بۆ حکومەتی داهاتوی عێراق راگەیاند. سەرەرای بونی ناکوکی ریشەیی و سیاسی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی شیعە ئیسلامیەکانی وەک مەجلیسی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، ڕێکخراوی عەمەلی ئیسلامی و حیزبی دەعوەی ئیسلامی (ئەو ڕێکخراوانەی کە کەم یان زۆر پێوەندییان لەگەڵ رژیمی ئێران هەبوو)، لە بابەت شێوەی حکومەتی داهاتو لە عێراق، ڕێبەرانی کورد لەگەڵ لایانگرانی رژیمی ئێران یەکیان گرت تا پێکەوە دەستی سواڵ بۆ ئەمپریالیزم درێژ بکەن.

لە سەرەتاوە رون و ئاشکرا بوو ئەم جۆرە سیاسەتانەی کە جەماوەری کورد و شیعە دەکاتە فیدای وتووێژی پشت پەردە لەگەڵ ئەمپریالیزم و سەرمایەداران لە ناوچەکە مەحکومە بە شکست- و هەر ئاواشی لێ هات! ڕێبەرانی کورد جارێکیتر بە کردەوە نیشانیان دا کە نەک هەر هیچ باوەڕێکیان بە خەباتی سەربەخوی جەماوەر لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرنامەی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم نیە، تەنانەت بە خواستە ناسیونالیستیەکانی خۆشیان وەفادار نین. ئەوانە تەنانەت ئامادە نەبون بۆ کوردستانێکی سەربەخو لە عێراق خەبات بکەن!

## ریشەکان و پێشینەی لێنەهاتوییەکانی رێبەرایەتیی ناسیونالیستی کورد

خەباتی خەڵکی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی خۆی، بە شێوەی ئاشکرا، بەردەوام لەگەڵ نیزامی ئەمپریالیستی و دەوڵەتانی سەرمایەداریی مەرکەزی (و سەرمایەداریی ناوخۆ) بەرەورو بوە. ئەمپریالیزم بە پیک هێنانی دەولەتانی بەهیز لە ناوچەکە و بە کەڵک وەرگرتن لە نفوزی بورژوازی کورد لە ناو کومەلانی خەڵک دا، رێی لە پەرەسەندن و بەرینبونەوەی بزوتنەوەی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی گرتوە.

پاش شەری جیهانیی یەکەم، بە لاواز بونی ئەمپریالیزم لە ئاستی جیهاندا، پەرەسەندن و گەشە کردنی بزوتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان لە وولاتانی موستەعمەرە و شێوە مەستەعمەرە و سەکەوتنی یەکەمین شۆڕشی کرێکاری لە روسیە، ئەمپریالیزمی ئینگلیس سیاسەتی پێشوی خۆی، ناسراو بە "دوبەرەکێ دروست بکە و حکومەت بکە"ی بە پیک هێنانی دەوڵەتانی بە هیزی مەرکەزی بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەکان بەکار هێنا. یارمەتی کردن بە پێکهاتنی دەوڵەتانی مەرکەزی لە عەرەبستان (بنە مالەی سعود)، عێراق (هاشمیەکان)، ئێران (رەزاخان پەهلەوی)، تورکیە (ئەتا تورک)... بەیانگەری ئاوا سیاسەتێک بوون. ئامانجی ئەم رژیمانە سەرکوت کردنی هەر جورە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیی خواز و دامەزراندنی دەوڵەتی مەرکەزیی بەهیز بوو. سیاسەتی رەزاخان لە ئێران (هەر وەک ئەتاتورک لە تورکیە) داگیر کردنی زەویەکانی خەڵک، جێگیر کردنی زۆرەملی و رێگرتن لە کۆچی وەرزیی خەڵک بوو. ئەم کردەوانە بوو بە هۆی مەرگی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان و عەشیرە کۆچەرەکانیتر.

بەم شێوەیە میللەتی کورد لا لایان ئەمپریالیزمەوە لە نێوان 4 دەوڵەتدا دابەش دەکرێ. سەرکوتی هەر جۆرە نارەزایەتی و حەرەکەتێکی جەماوەی بە وەحشیانەترین شێوە لە لایان ئەم دەوڵەتانەوە ئەنجام درا. بەڵام، ئەم گۆرانکاریە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە یەک شێواز و خێرایی روی نەدا. لە سالەکانی دەیەی 1920 (1299) کە رژیمەکانی رەزاخان و

ئەتاتورک خەریکی سەرکوتی بزوتنەوە ناوچەییەکان بون، دەوڵەتی عێراق هێشتا لە هێز و تواناییەکی تەواو بەهەرەمەند نەبوو. لە راستیدا دەوڵەتی عێراق لە ماوەی 3 دەیەی رابوردودا توانیبوی ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز.
بەهەرحاڵ، هەوڵەکانی حکومەتەکانی ئێران، تورکیە، عێراق و سوریە نەک هەر نەیتوانی بنەما ئەساسیەکانی خەباتی رزگاریخوازیی کورد نابود بکا، بە پێچەوانەوە، هەر بەو شێوەیەی کە روداوی 1991 لە عێراق نیشانی داوە، ئەم خەباتانە بەردەوام بوە و لە بەهێز بون و گەشەی هوشیاری میللی و دژی سەرمایەداریی خەڵکی کورد دا دەوری گرنگی گێراوە.
دابەشبونی دەستکرد و مەسنۆعیی کوردستان لە لایان ئەمپریالیزمەوە، دوو تەوەر یان ئەسڵی دیاریکەر و جێگای سەرنجی لە پاڵ یەک داناوە. لە لایەک، تا ئەوکاتەی کە جەماوەری کورد نەتوانێ هەر چوار رژیمە سەرمایەداریەکە (ئیران، تورکیە، سوریە و عیراق)، لە رەوتی خەباتی دژی ئەمپریالیستیی خۆیدا شکست بدا، ریگا چارەی یەکجارەکی بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی و دیاریکردنی چارەنوس، لەراستیەوە دور و محاڵە. ئەمە یانی پێک هینانی پیوەندی سیاسی و هاوپشتی رێکخراوەیی نەک هەر لەگەڵ هاوپەیمانانی کورد لەو ووڵاتانە، بەڵکو پێک هێنانی پێوەندی لەگەڵ چینی کرێکاری عەرەب، فارس و تورک. لە لایەکیترەوە، بە هۆی تێکەڵاویی لارەسەنگی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە قەوارەی ئابوری و سیاسی ووڵاتانی سەرمایەداریی ناوچەکە، رەوتی هەڵدان و گەشەی خەبات لە هەر بەشێک دا دەتوانێ جیاواز بێ. خەبات دەتوانێ لەوپەری خۆیدا لە ووڵاتێک، سەرەرای پاشەکشە لە ووڵاتێکیتر بەردەوام بێ.
لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆرێ کە بۆچی تا ئێستا بزوتنەوەی کورد بە کەڵک وەرگرتن لەم لارەسەنگیە سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە؟ هۆی شکستەکانی تا ئێستای خەڵکی کوردستان، نە پیوەندی بە بەردەوام نەبونی خەباتی ئەوانەوە هەیە و نە بە دەولەتانی بەهێزی داگیرکەرەوە. هۆی سەرەکی تەواوی شکستەکانی بزوتنەوەی کورد دەبێ لە دەور و نەقشی رێبەریی ناسیونالیستی و وردەبورژوای کورد دا ببینین. ریبەریی بەرزانیەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق، کە لە هێزە سەرەکییەکان بوون، لە بواری سیاسی و مەسەلەکانی پروگرامی دا هیچکاتێک لە چوارچێوەی بەرتەسکی ناسیونالیستیی- سەرمایداری تێنەپەری. رێبەریی بەرزانیەکان هیج کۆششێکیان بۆ پێکەوە گریدانی خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ خەبات بۆ چارەسەری مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەری خەڵکی چەوساوە نەکردوە. حیزبی دێموکرات هیچ کۆششێکی بۆ تێکەڵاو کردنی خەباتی خەلکی کوردستانی عێراق لەگەڵ خەباتی کوردەکانیتر لە ئێران و تورکیە نەکردوە. ئەم رێبەرییە بە پێچەوانەوە، بەردەوام دەستی یارمەتی بۆ ئەمپریالیزم و رژیمە سەرمایە دارییەکانی ووڵاتانی دەوروبەر درێژ کردوە. ئەم رێبەرییە هیچکاتیک دەرکی نەکردوە و ناتوانی تێبگا کە رژیمە سەرمایەدارییەکان و خودی ئەمپریالیزم لەمپەری رێگای رزگاری خەلکی کوردستانن. مێژوی خەباتی ئەم رێبەرییە نیشانی داوە کە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستان بە پاراستنی بەرنامەیەکی بورژوایی (یان دێموکراتیک) عەمەلی نییە. مرور کردنەوەی کورتە مێژوی ئەم رێبەراێەتییە بۆ دەرکی مەسەلەکانی ئەمرۆی کوردستانی عێراق پیویست و زەروییە.
"یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان" بە رێبەریی جەلال تاڵەبانیش، سەرەرای لە پێش گرتنی هەلوێستی رادیکاڵ و شۆڕشگێرانە (هەڵبەتە تاساڵی 1983 کە سیاسەتەکانی خۆی نەگۆرِیبو)، لە چوارچیوەی بەرنامەیەکی "دێموکراتیک" دا ( یانی بەرنمای یەکگرتنی چینایەتی لەگەڵ بورژوازی کورد کە لە وەک هەڵوێستەکانی عەبدولای موهتەدییە) خۆی بەستوەتەوە و لەو سەردەمەدا نەیتوانی ریگا چارەیەکی ریشەیی بەخاتە بەردەست.

## شۆڕشی دژی سەرمایەداری و دژی ئەمپریالیستیی کوردستان

کریکاران و زەحمەتکێشانی کورد، بۆ پیک هێنانی هەلومەرجی سەرکەوتنی یەکجارکی، دەبێ خۆی لە چوارچیوەی بەرنامەی بورژوایی و دێموکراتێک رزگار بکەن. سەرکەوتنی یەکجارەکیی شۆڕشی کوردستان لە بارمتەی سەرکەوتنی شۆرش لە تەواوی ناوچەکەدایە. مەرجی سەرەکیی وەدیهاتنی ئەم سەرکەوتنە لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

1- تەرجرەبەی خەباتەکانی میللەتی کورد لە چەند دەیەی رابوردودا سەلماندویەتی کە تەنانەت دروشمی "خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران و عێراق" بە بێ روخانی کاملی ئامرازی دەوڵەتی سەرمایەداری لە ئیران و عێراق محاڵە. هەر جۆرە سازش و یان پێک هێنانی گومان لە نێوان زەحمەتکێشانی کورد لەمەرِ بەردەوام بونی ئاشتیانەی ژیانی سیاسی لە کوردستان بە بونی رژیمێکی سەرمایەداریی مەرکەزی ناراست و ناموکینە. دروشمی روخانی سەرمایەداری گرێ دراوە بە دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنوس تا ئاستی جیا بونەوە و سەربەخۆیی نەتەوەیی و پێک هێنانی دەولەتی سەربەخۆ.

**2- خەبات لە دژی رژیمە سەرمایە دارییەکانی ناوچەکە**

گرنگترین و ئەساسیترین دەرسەکانی شکستەکانی بزوتنەوەی کورد، لە رابوردودا، ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوەیی بە بێ پیوەندیی خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کورد لە پارچەکانیتر چارەسەر ناکرێ. هەرچەندە ئاستی خەبات لە هەمو ئەو وولاتانە دا هاوکات و وەک یەک نییە، بەلام ئەرکی هێزێکی شۆرشگێر لە یەکێک لەم وولاتانەدا پێک هێنانی پێوەندی پتەو لەگەل کوردەکانی تری ناوچەکەدایە. بە سەرکەوتنی کاتی لە کوردستانی عێراق دەبو ئەم سەرکەوتنە و دەستکەوتەکانی بخرایەتە خزمەت کوردەکانی تورکیە و ئێران و سوریە. کوردەکانی ئێران، تورکیە و سوریە سالانێکی دور و درێژە کە لە دژی رژیمەکانی خۆیان خەباتیان کردوە. ئەمرۆ رژیمی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکیتر خەریکی سەرکوتی کوردەکانە. هاوپشتی کوردەکان و خەباتی هاوبەشیان بۆ روخانی رژیمە مەرکەزیەکانی خۆیان زامنی سەرکەوتنی یەکجارەکیی خەڵکی کوردە بۆ بەدەست هێنانی خواستەکانیان.

بەلام لەبری ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گرنگە، رێبەرانی ناسیونالیست و بورژوای کوردی عێراق لە رابوردودا کەوتنە پێوەندی گرتن لەگەل رژیمی ئێران. ئەمرۆش  لە سەرەوەی دەولەتی نوێی عێراق لە پاڵ رێبەرانی شیعە دا درێژە بەم کارە ئەدەن. هاوکاری لەگەل رژیمێک کە زیاتر لە دوو دەیەیە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بە تایبەت کوردەکانی سەرکوت و دەمکوت کردوە. کوردە شۆرشگێرەکانی عێراق دەبوو بە توندی لە دژی ئەم شێوە پێوەندیانە وەستابان و لەگەل هاونەتەوە کوردەکانی خۆیان و زەحمەتکێشانی فارس هاودەردی و هاوپشتی خۆیان دەربریبا و بە هەمو توانایانەوە بۆ روخانی رژیمی حاکم بەسەر ئێران دا یارمەتیانیان کردبا. رژیمەکانی ناوچەکە پێکەوە سازاون و پێکەوە زەحمەتکێشانی ناوچەکە سەرکوت ئەکەن.

سوسیالیستە شۆرشگێرەکانی عێراق دەبێ هەر لە ئێستاوە بۆ پێک هێنانی یەکیەتی لەگەل کوردەکانی ئێران و تورکیە و سوریە و زەحمەتکێشانی فارس، عەرەب و تورک هەنگاوی پیویست هەڵگرن. سەرکەوتنی کوردەکانی عێراق بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان گرێ دراوە بە سەرکەوتنی کوردەکانی ئێران، تورکیە و سوریە. شۆرشی کوردستان شۆرشێکی دژی سەرمایەدارییە و لە تەواوی ناوچەکە دەبێ بە ئاکام بگا.

### 3– خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە دەست تێوەردانی ئەمپریالیزم لە ناوچەکە

شەری ئەم دواییانەی ئەپریالیزمی ئەمریکا لەگەل رژیمی بەعس جارێکیتر ناوەرۆکی ئەمپریالیزمی بە کۆمەلانی خەڵکی زەحمتکێشی ناوچەکە نیشاندا. ئەمپریالیزم بە کردەوە سەلماندی کە هەرچەندە سەدامی وەلانا بەلام خوازیاری روخانی نیزامی سەرمایەداری و دام و دەزگای سەرکوتی کرێکاران و زەحمەتکێشان نییە. ئەمپریالیزم زیاتر لە خەڵکی چەکداری کوردستان ئەترسا تا سەدام. لە روانگەی سەرانی کۆشکی سپیوە، سەدام بۆ گورین دەبو و دەکرا جێگری بۆ دانرێ، بەلام نەدەکرا بە ئاسانی خەڵکی کوردستان بە چۆک دابهێنری. بە لێکدانەوەی ئەمپریالیزم بەچۆک داهێنانی خەڵکێ کورد لە رێگای رێبەرانیانەوە ئاسانە و دەکرێ. دابەش کردنی پلە دەوڵەتیەکان لە نێوان رێبەرانی کورد دا بۆ ئەم مەبەستە بوو.

پێشتر، رێبەرانی ناسیونالیستی کورد دەستی هاوکارییان بۆ ئەمریکا درێژ کرد و بە سەفەر کردنی پەیتا پەیتا بۆ ئەمریکا، و پێکهێنانی کۆبونەوەی نهێنی لەگەل دەولەتی بوش چاوەروانی یارمەتییان دەکرد. ئەمانە پاش نیو سەدە هێشتا تێنەگەیشتون کە دابەش و پارچە پارچە کردنی کوردستان لە لایان ئەمپریالیزمەوە بووە و سەرەکیترین کۆسپی بەدی نەهاتنی مافی نەتەوەیی کورد خۆدی ئەمۆریالیزم بوە و هەیە. سوسیالیستە شۆرشگێرەکانی کورد هیچ گومانێکیان لە ئەمپریالیزم نییە و دەبێ بۆ برینی دەستی تەواوی ئەمپرالیستەکان و هاوپەیمانەکانیان (و ئیسرایل) لە ناوچەکە، خەباتی بەردەوام و سەربەخۆی خۆیان دەست پێ بکەن. رێبەرانی ناسیونایست و رادیکالی وردەبورژوای کورد کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە چوار چیوەی بەرنامەکانی بورژوازی دا ئەسیر بون، هیچکاتێک ناتوانن لە ئەمپریالیزم و رژیمە بورژواییەکان بەتەواوی دابرێن. ئەمرۆش نیشانیان داوە کە پلە و پایەیەک لە ناو دەولەتێکی سەرمایەداریی دەستکرد و بەکریگیراو دا لایان گرنگترە تا خەباتی ریشەیی بۆ رزگاری خەڵکی خۆیان.

سوسیالیستە شۆرشگێرەکان، بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و یەکیەتی نەتەوەیی و دەولتی خۆیان دەبی پشت ئەستور بە هاوپەیمانانی خۆیان بن وەک (کوردەکانی ناوچەکە و زەحمەتکیشانی فارس، عەرەب و تورک). رێبەرانیک کە گومان بەرانبەر بە سەرمایەدارانی ناوچەکە و ئەمۆریالیسم پیک دێنن دەبی وەلا بنرێن. بە هەمان شێوە کە ئەمپریالیزم لە ناوچەکە یارانی خۆی ئەدۆزێتەو و رێکیان دەخا، زەحمەتکێشان و کرێکارانی ناوچەی روژهەلاتی ناوەراستیش دەبێ لە رێی پیکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی لەو ناوچەیە پێک هاتوو لە (زهحمەتکێشە کوردەکان، فارسەکان، عەرەبەکان و تورکەکان)، دەستی ئەمپریالیسم، زایونی و رژیمە سەرمایەداریەکان بۆ هەمیشە لە رۆژهەلاتی ناوەراست ببرن. هەر بەو شێوەیەی کە تەجرەبەی ئەم دواییانە نیشانی

داوە ئەمپریالیزم و رژیمە سەرمایەدارییەکان لە ناوچەکە، سەرەڕای دژایەتیەکانیان و "شەڕەکانیان"، پێکەو لە دژی زەحمەتکێشان هاوکاری دەکەن و ڕێک کەوتون.

سەرکەوتنی یەکجارەکیی شۆڕش لە کوردستان گرێ دراوە بە شۆڕشی دژی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم لە ناوچەکە. سوسیالیستە شورشگیرەکانی کورد باوەڕیان بە دابەش بونی دەستکردی کوردستان لە لایان ئەمپریالیزمەوە نییە. ئەوان خوازیاری خەباتێکن بۆ روخانی تەواوی ئەو رژیمە سەرمایەدارییانەی کە کوردستانیان تێدا دابەش بوە. یەکەم مەرجی سەرکەوتنی یەکجاریش دەرس وەرگرتنە لە شکستەکانی پێشوو. تواوی خەباتەکانی پێشوی خەڵکی کورد، ئاماژەی بەرەو پیویستیی یەکیەتی نێوان زەحمەتکێشانی کورد، فارس، عەرەب و تورکی ناوچەکەیە. خەبات بۆ فدراسیونێکی سوسیالیستی لە ناوچەکە، وڵامدانەوە بە بەدیلی ئەمپریالیستییە.